# گوڵم خۆ نە تۆ ماریێنزی نە من بەعسی

حەمەسەعید حەسەن

شەوێکی نێو
ئامێزی زێدە گەرمی تۆ
هەزار و یەک شەو دەهێنێ،
خەوێکی سەر
سەرینی باسکی نەرمی تۆ
هەزار و یەک خەو دەهێنێ.

وڵاتی ژیانی منت
داگیر و کاول کردووە،
زێڕی ڕەشم شک نەدەبرد
خەیاڵ و خەومت بردووە،
سوپام نەبوو، بیبەزێنی
ورەمت دابەزاندووە.

دەستم ناچێتە هیچ شتێ
دەڵێی دەستت
لە پشتەوە گرێ داوم،
بستێ بەرپێی خۆم نابینم
دەڵێی کیسەت لەسەر ناوم.

لەو ڕۆژەوە خۆشم ویستووی
دەربڕینێکی شیرینم لێ نەبیستووی،
قەت کەڕەتێ بە سۆزەوە لێم ناپرسی
گوڵم خۆ نە تۆ ماریێنزی،
نە من بەعسی!

2003. 06. 25